

بەكر شوانی

گوینتەر گراس

# ڕۆمانتووسی سیاسی و ویژدانی زیندووی گەل



گوینتەر ئەدیبێكی گەورە و خاوەن بەهرەیە و قەڵەمێكی دیاری بوارەكانی ڕۆمان و چیرۆک و شانۆ و شیعری ویژدانیی ئەڵمانییە.

گوینتەر ئەدیبێکی گەورە و خاوەن بەهرەیە و قەڵەمێکی دیاری بوارەکانی ڕۆمان و چیرۆک و شانۆ و شیعری ویژدانیی ئەڵمانییە. یەکێکە لە دیارترین ناوەکانی ئەدەبی ئەڵمانیی دوای شەڕی جیهانیی دووەم. کەسایەتییەکی ناسراوە لەسەر ئاستی جیهان و زۆر گەڕۆک و سەربەدەرە. تەمەنی هەشتای تێپەڕاندووە، کەچی هێشتا چوست و چالاک و بەرهەمبەخشە و زوو زوو بەسەر پەڕەی ڕۆژنامە و پەردەی تەلەفزیۆنەکانی ئەڵمانەوە دەبینرێت. گراس تەنیا لەبارەی ئەدەب و نووسینەوە ڕای خۆی دەرنابڕێت، بەڵکو لە سۆنگەی ئەوەی کە خۆی بە ڕووماناووسێکی سیاسی دەزانێت، ئاماژە بۆ کێشە سیاسی و کۆمەلایەتییەکانی ئەڵمانیا و جیهانیش دەکات و ڕای خۆیان لەبارەیانەوە دەخاتە ڕوو. بەرهەمەکانی وەرگێڕدرانەتە سەر بەشێکی زۆر لە زمانە زیندووەکانی جیهان، لە ناویاندا زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسیی هاوسێگەلی خۆمان. بەلام تا ئێستا هیچ شاکارێکی ئەم بەهرەمەندەی ئەڵمان وەرنەگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی.

کاتێک ئەڵمانیا لە ١٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧ یادی هەشتا ساڵەی لەدایکبوونی گراسی کردەوە، نووسەر سەرجەم کەرەسەکانی بیرهێنانەوەی لەبەردەستدا بوو، چونکە لەو کاتەوەی لە شاری دانتسیگ هەڵکەندراوە، هەرگیز لە نووسین و گێڕانەوە دانەبڕاوە. جا چ بەرهەمەکانی ئەم سەردەمی بن، یاخۆ سێینەی دانتسیگ: "تەپڵی تەنەکە"، "سالانی سەگەل" و "پشیلە و مشک". گوینتەر گراس گشت نەهامەتی و ماڵوێرانییەکانی شەڕی لەبیرە و پێمان دەڵێ بیرهێنانەوە کارێکی دژوارە و گێڕانەوەی ڕابردوو لە (پاککردنی پیاز) دەچێت، کارێکە ئاو لە چاو دێنێ، بەلام ناشکرێ مرۆڤ خۆی لێ ببوێرێ.


نووسەر لە سالانی دژواری دوای شەڕی جیهانی دووەم، لە ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٧ لە شاری دانتسیگ لەدایک بووە. ئەم شارە دڵگیرەی سەر دەریاری باکوور لەدوای شەڕی جیهانی دووەم لە ئەڵمانیا سەندرایەوە و خرایە سەر پۆڵۆنیا و ناویشی گۆڕدرا بۆ گدانسک. گراس، کاتێک هێشتا لاوێکی ١٧ سالان دەبێت، ناچار دەبێت ساڵی ١٩٤٤ وەک هاوکار لە هێزی ئاسمانیی ئەڵمانیا بەشداریی لە شەڕی جیهانیی دووەمدا بکات و هۆکاری ئەم کارەشی دەگەڕێنێتەوە بۆ پەیوەست بوون بە نیشتمان و بەجێهێنانی ئەرکی هاولاتی بوون. ساڵی ١٩٩٩ لەپای دەوڵەمەند کردنی ئەدەبی جیهانی و بەتایبەتیش لە بەرامبەر "سێینەی دانستیگ" خەلاتی ئەدەبیاتی نۆبڵی وەرگرت. چەند خەلاتی ناوخۆییشی وەرگرتووە، وەک خەلاتی کارل فۆن ئۆسیەتسکی لە ساڵی ١٩٦٧، خەلاتی کۆمەڵەی زانست و هونەری باڤاریا لە ساڵی ١٩٩٤ و ساڵی ٢٠٠٥یش زانکۆی بەرلین پلەی دکتۆرای شانازیی پێ بەخشی.




دیمەنێک لە ناوەندی شاری دانتسیگ

## گراس و SS:

ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٦ گوینتەر گراس لە دیمانەیەک لەگەڵ ڕۆژنامەی "فرانکفورتە ئەلگەماینە"ی ئەڵمانی بۆ یەکەمجار دانی پێدانا کە لە کاتی شەڕی جیهانیی دووەمدا ماوەیەکی کورت وەک سەرباز لە ڕیزەکانی یەکینە تایبەتییەکانی نازیی ناسراو بە "ئێس ئێس" کاری کردووە. ئەم لێدوانەی گراس هەنگامەیەکی گەورەی لە ناوەندە سیاسی و ئەدەبییەکانی ئەڵمانیا نایەوە و زۆر کەسانی تووشی سەرسامی کرد، ئەڤیندارانی ڕۆمان و چیرۆک و شیعر و شانۆنامەکانی نووسەر ڕاچەڵەکاند و وا دەهاتنە بەرچاو وەک ئەوەی هەریەکەیان سەتڵێک ئاوی ساردی بەسەردا کرابێت. بگرە لێدوانەکانی گراس بەخێرایی برووسکە بە جیهاندا بڵاوبوونەوە و بەشێکی زۆر لە خوێنەران و ڕۆشنبیرانی وڵاتانی جیهانی سڕ کرد و دۆشدامان. وەک ئاشکرایە گراس ئەدیبێکی گەڕۆکە و سەری لە زۆر لە وڵاتانی جیهان داوە، چونکە ئەو هەر ئەوە نییە ڕابەرێکی ئەدەبی نوێی ئەڵمانی بێت و ئەرکی داڕشتنەوەی لە ئەستۆ گرتبێ و گەیاندبێتی



به ئاستی جیهانی و بەس، بگرە هەمیشە بە ئەدیبێکی بەدەربەست و ڕەخنەگر لە باردۆخی سیاسیی ئەڵمانیا و جیهانیش ناسراوە و پێی وایە ئەدیب ویژدانی زیندووی گەلە.

بەڵام ملیۆنان هاوڵاتیی ئەڵمان بە بیستن و خوێندنەوەی ئەم قسانەی گراس گەرد لە دڵیان نیشت، چونکە گراس لەو دیمانەیەدا و دواتریش لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا بەناوونیشانی "پیاز پاککردن" باس لەوە دەکات چۆن لە تەمەنی پازدە ساڵیدا پێوەندیی بە ڕیزەکانی "لاوانی هتلەر"ەوە کردووە، بەمەرجێک ئەم پێوەندی کردنە ناچاری نەبووە و خۆبەخشانە بووە. دوای دوو ساڵیش، بەرگی یەکینە تایبەتییەکانی نازی "ئێس ئێس" دەپۆشێت. ئەم هێزانە ئەرکیان پاراستنی ئاسایشی هتلەر و گەورە لێپرسراوانی نازی بووە و زنجیرەیەک زۆر کاری دڕندانەیان دراوەتە پاڵ. پاش دۆڕانی ئەڵمانیا لە شەڕی جیهانیی دووەمدا، یەکینە تایبەتییەکانی نازی لە دادگای "نوێرنبێرگ" بە ڕێکخراوی تاوانکار لە قەڵەمدرا و قەدەغە کرا.

گراس بەوە پاساوی پێوەندی کردنی بە یەکینە تایبەتییەکانی نازییەوە دەداتەوە، گوایە ویستوویەتی خۆی لە کۆت و زنجیری کۆمەڵایەتی ڕزگار بکات و لە بازنەی بەرتەسکی خێزان بێتە درێ و باوەش بۆ جیهانی بەرفراوان بکاتەوە. ئەم ڕەفتارەی خۆشی بە کارێکی دزێو دادەنێت و پێی وایە دەبوو نەیکردبایە، بەڵام دەڵێت ئەو کاتە لە ئاستێکی هوشیاریی ئەوتۆدا نەبووە تا بزانێ چ دەکات. گراس ماوەی شەست ساڵی ڕەبەق بێدەنگیی لەم ڕازە گەورەیەی ژیانی کرد، بەڵام کاتێک هاتە سەر نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی لە کتێبی "پیاز پاککردن"دا، بڕیاری دا ئەم ڕازە بدرکێنێ، چونکە خۆی گوتەنی، چیدی ناتوانێ لە ناخیدا حەشاری بدات. پێشمان دەڵێت ئەو سەردەمە لەبەر ساویلکەیی دوای دروشمەکانی ئایدۆلۆجیای نازی کەوتووە، بەڵام پێ دادەگرێت کە هیچ تاوانێکی لێ نەوەشاوەتەوە و هەرگیز فیشەکی بە کەسەوە نەناوە. زۆر جاران ناچار بووە لەم ڕووە داوای لێبووردن لە هاوڵاتیانی ئەڵمان و قوربانییەکانی شەڕی جیهانیی دووەم بکات و هەموو جارێک جوامێرانە دانی بەو پەڵەیەی ژیانی ڕابردووی خۆیدا ناوە. هەندێک کەس و ناوەند و دەوروبەری ناوخۆیی و دەرەکی هەڕەشەی دادگایی کردنیان لێ کرد، بەڵام کەسانێکی زۆریش لە ئەڵمانیا و لە جیهان پشتیوانیان لێ کرد.

## گراسی ئەدیب و هونەرمەند:

گراس، ساڵی ١٩٤٦ و پاش بڕانەوەی شەڕی جیهانیی دووەم بەدیلی دەکەوێتە دەست هێزەکانی ئەمەریکا. چەند مانگێک لە زیندانی ئەمەریکاییەکان بەسەر دەبات و بەو ماوە




پەیکەری ئۆسکاری پاڵەوانی ڕۆمانی "تەپڵی تەنەکە" لە نزیک شوێنی
لەدایکبوونی گوینتەر گراس لە شاری دانتسیگ - پۆڵۆنیا

کورتە فێری زمانی ئینگلیزی دەبێت و دەست دەکات بە خوێندنەوەی ئەدەبی ئەمەریکی. هەمان ساڵە زیندان ئازاد دەکرێت و سەرەتا ڕوو لە هونەری نیگارکێشان و پەیکەرسازی دەکات. دواتر ماوەی دوو ساڵە پەیمانگای ڕاهێنانی پیشەیی لە شاری دوسەلدۆرف هونەری پەیکەرسازی دەخوێنێ. پاشان لە بەشی هونەری زانکۆی هەمان شار درێژە بە خوێندن دەدات. ماوەی ١٠ ساڵی دواتر (١٩٤٦-١٩٥٦) بە خوێندنی هونەری نیگارکێشی و پەیکەرسازی لە زانکۆی بەرلین بەسەر دەبات و دواجار بڕوانامەی زانکۆیی بەدەست دەهێنێت. پاشان دەچێتە پاریس و لەوێ، لە میانەی سەردانی پەیتاپەیتای بۆ مۆزەخانەی لۆڤەر و پێشانگا هونەرییەکان و کۆڕ و کۆمەڵە کولتوورییەکان لە داهێنانی بزووتنەوە هونەرییەکان ڕادەمێنێ، بڵاوکراوەکانی تازەگەریی سوریالی و دادائییەکان دەخوێنێتەوە و بەچاوی خۆی بزاوتی گۆڕانکاریی لە بوارەکانی بیناسازی و موزیک و شانۆدا دەبینێ. بەمجۆرە سێ ساڵە پاریس بەسەر دەبات و دواتر سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە بۆ بەرلین. لەوێ بۆی دەردەکەوێت نیگارکێشی و پەیکەسازی لەوە بێ دەسەڵاتترن بتوانن گوزارە لە هەستە پەنگخواردووەکانی ناو هەناوی بکەن، چونکە خۆی گوتەنی، کەوتۆتە بەر شەپۆلی دەریای لەبن نەهاتووی وشە و تەنیا بە بەدەستەوە گرتنی قەڵەم و کاغەز دەتوانێت هاوسەنگیی

خۆی ڕابگرێت. ناتوانێت له بەرلین بحەوێتەوە، چونکە بە شوێنێکی نموونەیی نازانێت بۆ نووسین، بۆیە ڕوو له باکوور دەکات و له ناوچەیەکی نزیک له شاری لوبیک دەگیرسێتەوە و لەو کاتەوە لەوێ دەژی. لەوێوە شاکار لەدوای شاکار دەئافرێنێت و هەر بەرهەمێکیشی له ماوەیەکی پێوانەییدا وەردەگێڕدرێتە سەر زمانە زیندووەکانی جیهان. شاری لوبیکیش وەک شاری دانستیگ لەسەر دەریای باکوور هەڵکەوتووە. کێ دەزانێت، ڕەنگە گراس نەتوانێ بێ گوێگرتن له شڵپ و هوڕی شەپۆلە سەرشێتەکانی دەریای باکوور هەڵبکات! گرینگترین بەرهەمەکانی گراس ئەمانەن:

**ڕۆمان و چیرۆک:**

* سێینەی دانتسیگ: تەپڵی تەنەکە ١٩٥٩، پشیله و مشک ١٩٦١، سالانی سەگەل ١٩٦٣
* بەنجکردنی خۆجێیی ١٩٦٩
* دیدار له تیلگتێ ١٩٧٩
* دایکە جرج ١٩٨٦
* سەدساڵەی من ١٩٩٩
* ڕێکردنی قرژاڵ٢٠٠٢
* دواین سەماکان ٢٠٠٣
* پیاز پاککردن – بیرەوەری ٢٠٠٦

**شانۆنامە:**

* چێشتلێنەرانی خراپەکار ١٩٥٦
* لافاو ١٩٥٧

**بەرهەمی شیعری:**

* خەسڵەتەکانی مریشکی ئاسمانی ١٩٥٦
* سێگۆشەی هێڵی شەمەنەفەر ١٩٦٠
* لێپرسینەوە ١٩٦٧
* کۆی شیعرەکان ١٩٧١
* دەستکەوتی لیرکی ٢٠٠٠

## تەپڵی تەنەکە، هۆکاری بەجیهانبوونی گراس:

"ئۆسکار" پاڵەوانی ڕۆمانی "تەپڵی تەنەکە"یە کە ساڵی ١٩٥٩ بڵاوکرایەوە. جەستەی ئەم منداڵە کەمئەندامە له گەشەکردن ڕاوەستاوە و خوازیارە دەق بەهەمان دۆخەوە بگرێت و بۆ هەمیشە له هەمان قەوارەدا بمێنێتەوە. گراس دەیەوێت ئۆسکار له قۆناغێکی دیاریکراوی ژیانیدا بمێنێتەوە بۆ ئەوەی ببێت بە گەواهیدەری مێژوویەکی لەبیر نەکراو، مێژووی شەڕی جیهانیی دووەم و ئەو کارەساتانەی بەهۆی ئەو شەڕەوە بەسەر مرۆڤایەتیدا هاتن. کاتێک ئۆسکار لەسەر باڵەخانەیەکی کۆن دانیشتووە و چێژ له شیرینترین ئارەزووی خۆی، ژەنینی تەپڵی تەنەکە وەردەگرێت، له درزی دیوارێکەوە دەستەیەک سەرباز دەبینێت کە خەڵکی سڤیل و بێتاوان دەکوژن. ئیدی ئەم منداڵە لێرەوە تێکەڵبە ڕووداوەکان دەبێت

نووسـەر لە چاوی ئەوەوە بـە بەشـێک لە ڕووداوەکـانـی شـەڕی جـیـهـانـیی دووەم ئاشنامـان دەکـات. پاش بڵاوبوونـەوەی "تەپڵی تەنەکە"، ئۆسکاری کـەمـئـەندام سـەرنجی ئەڵمـانیـا و جیـهـانی بۆسـەر ڕۆمـاننـووسـێکی لێهاتوو ڕاکێشـا. گراس لەڕێی ئەم ڕۆمـانەوە قـوڵترین گوزارەی لە بیرەوەری و پاشمـاوەکانی جەنگی جیـهانیی دووەم کردووە و تا ئەو کاتە هیچ کەسێک لەم بوارەدا شانی لە شانی ئەو نەدابوو. بەشی زۆری ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمـانە لە شاری دانتسیگی زێدی نووسەر دەقەومێن، ئەو شارەی کە گراس یەکەم هەناسـەی تێدا هەڵمژی و یەکەمین خەونی تێدا بینی. "تەپڵی تەنەکە"، سـەرتۆپی سێینەی دانتسیگە کە هەردوو ڕۆمانی "پشیلە و مشک _ ١٩٦١" و "ساڵانی سەگەل _ ١٩٦٣" یش لەخۆ دەگرێت.

دەرهێنەری ناسـراوی ئەڵمـان فـۆلکەر شلوێندۆرف سـاڵی ١٩٧٨ بەهـاوکـاریی چەند هاوڕێیەکی سیناریۆی بۆ "تەپڵی تەنەکە" نووسی و لە هەمان ساڵدا و هەر بەهەمان ناوەوە فـیلمێکی نایابی لێ بـەرهـەم هێنا. هەرسێ زمـانی ئەڵمـانی و پۆڵۆنی و ڕووسی لە فـیلمی "تەپڵی تەنەکە"دا بەکارهێراون و ئەم شاکارەی سینەما یەکەمین فیلمی ئەڵمانی بوو کە ساڵی ١٩٨٠ خەڵاتی ئۆسکاری بۆ باشترین فیلمی زمان بیانیی وەرگرت.

## گراسی سیاسی:

گوینتەر گراس سەرەتای ساڵانی شەست پێی نایە جیهانی سیاسـەتەوە. ئەو سەردەمە ڕاوێژکاری پێشـووتر ڤیللی براندتی ناسی کە هێشتا سـەرۆکی شارەوانیی بەرلین بوو. نووسەر تا ساڵی ١٩٧٢ بەجۆشەوە بەشداری لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمـانیـا SPD کردووە و بێ دوودڵی نواندن پشـتـیـوانیی خۆی بۆ سۆسـیـال دیموکراتەکان دەربڕیوە. دەسپێک ئەندامیی فەرمی حزب نەبوو، بەڵام سـەرەتای ساڵانی هەشتای ڕابردوو پێوەندی بە ڕیزەکانی حزبی سۆسیال دیموکراتەوە کرد و بوو بە ئەندامی کارا. گراس بە دژیەتی کردنی شـەڕ و هێرشی ئـەمـەریکا بۆ سـەر عێـراق ناسـرابوو. ئەم هەڵوێستـەش گراسی لە ڕاوێژکاری پێشوو گێرهارد شرۆدەر نزیک کردەوە و ڕایەڵەیەکی پتـەوی دۆستـایەتی لە نێوان ئەم دوو کـەسـەدا پەیدابوو. هاوینی سـاڵی ٢٠٠٢ لـە کـاتی هەڵمـەتەکانی هەڵبژاردندا گراس پشت و پەنایەکی قایمی گێرهارد شرۆدەری پاڵێوراوی پارتـی سـۆسـیـال دیموکـرات بـوو، چونکە هـەردووکـیـان لـە دژایەتی کـردنی هـەوڵەکـانی ئەمەریکادا بۆ ڕزگار کردنی عێراق یەکیان دەگرتەوە. ئـەو سـەردەمە گراس لە گشت کۆڕ و کۆبوونەوە گەورە و بەرفراوانەکانی پارتی سۆسیال دیموکراتدا بەشداری دەکرد و داوای لە هاوڵاتیـانی ئەڵمـانی دەکرد دەنگ بە شـرۆدەر بدەن. دواجـار شـرۆدەر سـەرکەوت و پۆسـتی




شوێنی لەدایکبوونی گوینتەر گراس، خانووی ژمارە ١٣ لە
شەقامی لێلاڤێلا لە دانتسیگ – پۆڵۆنیا

ڕاوێژکاریی بەدەست هێنا. گراس لە نیوەی ڕێگا لە شرۆدەر سارد بووەوە و کەوتە ڕەخنە لێ گرتنی، بەڵام لە ڕووی دژایەتی کردنی ئۆپەراسیۆنی ڕزگار کردنی عێراقەوە نا، چونکە شرۆدەر تا کۆتایی ماوەی دەسەڵاتی خۆی لەم ڕووەوە سستی نەنواند، بەڵکو گراس شرۆدەری بە پاشگەز بوونەوە لەو بەڵێنانە تۆمەتبار کرد کە بە گەلی ئەڵمانی دابوو.

## یادی هەشتاساڵەی لەدایکبوونی گراس:

لە یادی هەشتا ساڵەی لەدایکبوونی گوینتەر گراسدا، ناکرێ مرۆڤ بەتەنیا وەک ڕۆماننوس و چیرۆکنووس و وتارنووس و نیگارکێشێکی بێ هاوتا ئاماژەی بۆ بکات، بگرە گراس ڕۆماننوسێکی سیاسیی پەیوەست بە کێشەکانی ئازادی و دادپەروەریی مرۆییە و خاوەن هەڵوێستی سیاسیی تایبەت بە خۆیەتی. بەگوێرەی پێوانەی هوشیاریی ڕەخنەی ڕۆژئاوایی، گراس یەکێکە لەو ڕۆشنگەرانەی کە ئەدەب و پایەی خۆیان خستۆتە خزمەت کێشە مرۆڤایەتییەکان و بەرگری کردن لە بەهاکانی دادپەروەری. هەروەها وەک کەسایەتییەکی ڕۆژئاوایی خاوەن هەڵوێستی بوێرانە پەنجەی بۆ ڕادەکێشرێ، کەسایەتییەک کە بانگەشە بۆ ئازادی و لێبووردەیی و دانوستاندنی نێوان کلتوورەکان دەکات.